# درۆی نیسان

[ كردي – كوردی – kurdish ]

**ئامادەكردنی:** محمد صالح المنجد

**وەرگێڕانی: زاگرۆس هەمەوەند**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**

١٤٣٠ ـ ٢٠٠٩

islamhouse.com

# ( كذبة إبريل )

محمد صالح المنجد

الترجمة: زاكروس هموند
مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# درۆی نیسان

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورەی باڵادەست ودرود ورەحمەتی فراوانیش بۆ سەرگیانی پاکی پێشەوای مرقایەتی محمد المصطفى وسەرجەم هاوەڵ وشوێنکەوتوانی .

گومانی تێدا نیە درۆکردن یەکێکە لە ڕەوشتە ناشیرین وناپەسەندەکان وسەرجەم شەریعەت وئاینە ئاسمانیەکانیش بەڕەوشتێکی خراپیان وەصف کردوە، سەڕەڕای ئەوەش فیترەتی دروستی مرۆڤیش بە کار وخوویەکی خراپی دەناوە .

لەشەریعەت وئاینی پیرۆزی ئیسلامدا درۆ بەکارێکی قێزەون وخراپ دانراوە وقورئان وسوننەتەکانی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) وکۆدەنگی زانایانش تەئکید لەسەر ئەمە دەکەنەوە، وبەهەموو شێوازێك خەڵکیان لێ ئاگاداركردوەتەوە کە بەهیچ شێوەیەك نزیك نەکەونەوە لێی، چونکە دۆر کردن سەرەداوی هەموو خراپە ودەرگای هەموو تاوانێکە، هەر بۆیە لەئیسلامدا رێگەی لێگیراوە، تەنها لەچەند جێگایەکی کەمدا نەبێت کە نابێت ماف خواردنی کەسی تێدا بێت یان تۆمەت دانە پاڵی کەسێك بێت، یان خوێن ڕشتنی لێ بکەوێتەوە، ئەویش کاتێکە دروستە درۆ بکرێت کەڕزگارکردنی گیانی کەسێکی تێدا بێت، یان بۆ ئاشتکردنەوەی دووکەس بێت، یان لەپێناو خۆشەویستی نێوان ژن وپیاوێکدا بێت، جگە ئەم شوێنانە درۆکردن ناپەسەند بەدفەڕە وجێگای قبوڵ نیە .

بۆیە لەئاینی پیرۆزی ئیسلامدا هیچ کاتێك یان هیچ ڕۆژێك نیە کە رێگا بدات بەمرۆڤ ئازاد بێت لەدرۆکردن ورابواردن بەخەڵکی بەناوی ( درۆی نیسان ) یان ( درۆی ئەبریل ) کە هەندێك وا گومان دەبن لەیەکەم ڕۆژی مانگی نیساندا دروستە درۆ بکەیت تاچەندێك دەتوانیت، وە بەبێ بوونی هیچ ڕێگرێکی شەرعی .

بەڵگەکانی حەرامی درۆکردن :

١- خوای گەورە دەفەرموێت : ( إِنَّمَا يَفْتَرِي الْكَذِبَ الَّذِينَ لاَ يُؤْمِنُونَ بِآيَاتِ اللّهِ وَأُوْلـئِكَ هُمُ الْكَاذِبُونَ ) [النحل: ١٠٥]. واتە : بێگومان هەرئەوانە درۆ هەڵدەبەستن کەباوەڕیان بە ئایەتەکانی

خوای گەورە نیە، هەر ئەوانیش درۆزنن ودرۆیان کردۆتە پیشە .

ابن کثیر ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) دەڵێت : خوای گەورە ئەوەمان پێ ڕادەگەیەنێت کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بوهتان چی ودرۆ هەڵبەست نی یە، بەڵکو ئەوانەی کە خراپترین مەخلوقاتی خوان درۆ بەدەم خوا وپێغەمبەرەکەیەوە هەڵدەبەستن کەباوەڕیان بەبەڵگە ونیشانەکانی خوا نیە وئینکاری بوونی خوا دەکەن وبەردۆزن وخراپەکار ناسڕاون، بەڵام محمد پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ڕاستگۆ ترین وباشترین کەسە، وە زانست وزانیاری وکاروکردەوەی خێر وئیمانی لەهەموو خەڵك زیاتر وباشتر بووە، وە لەناو گەل وهۆزەکەیدا بە ڕاستگۆ ناسرا بوو، وەکەس لەمە هیچ شك وگومانی نەبووە، بەشێوەیەك لەنێو خۆیاندا تەنها بە ئەمین ودەست پاك بانگیان کردووە ( تفسیر ابن کثیر: ٥٨٨/٢ ) .

٢- پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت : :{ آية المنافق ثلاث إذا حدث كذب وإذا وعد أخلف وإذا اؤتمن خان } (رواه البخاري:٣٣، ومسلم: ٥٩ ). واتە : نیشانەکانی مرۆڤی دوو ڕوو سێ شتە : کاتێك کە قسە دەکات درۆ دەکات ، وەکاتێك پەیمان وبەڵێنێنك دەدات نایباتە سەر، وە کاتێکیش ڕاسپاردە وئەمانەتێکی لا دادەنێین خیانەتی لێ دەکات .

بێگومان خراپترین درۆش ئەوەی  کە مرۆڤ بۆ گاڵتە وپێکەنین دۆر بکات تاوەکو خەڵك پێ بکەنن.

بەڵام  زۆر بەداخەوە کۆمەڵێك لەخەڵکی وا فێربوون وڕاهاتوون کە درۆ کردن بەگاڵتە گوناهـ نیە ودروستە وحەڵاڵە! ئەوەش هەر ئەو بیانوویە کە لەکاتی درۆی نیساندا بۆ خەڵکی دەهێننەوە بە پڕوای خۆیان درۆ کرن بۆ پێکەنین وڕابواردن هیچ تێدا نیە وڕێگای پێدراوە .

جا خوشك وبرایانی خۆشەویست ئەوە بزانە درۆ کردن  شتێکی خراپ وقێزەونە وخوای گەورە وپێغەمبەرەکەی ( صلى الله عليه وسلم ) حەرامیان کردوە، جا ئەگەر ئەو درۆیە خاوەنەکەی مەبەستی پێی گاڵتە وگەپ بێت یان نا .

عەبدوڵڵای کوڕی عومەر ( خوا لە خۆی وباوکیشی ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی :  :{ إني لأمزح ولا أقول إلا حقّا }  [ رواه الطبراني في المعجم الكبير:٣٩١/١٢، وصححه الشيخ الألباني رحمه الله في صحيح الجامع: (٢٤٩٤)] .

واته : بێگومان من گاڵته وگەپ دەکەم، بەڵام هەرگیز هیچ شتێك ناڵێم جگە لەهەق وڕاستی نەبێت .

هەروەها ئەبو هورەیرە ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوە کە هاوەڵان ووتیان بە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) : ئەی رەسولی خوا تۆ گاڵتە وگەپ لەگەڵ ئێمە دەکەیت، ئەویش فەرمووی : :{ إني لا أقول إلا حقاً } [رواه الترمذي:١٩٩٠].

واته : بێگومان من هیچ شتێك ناڵێم جگە لە هەق وڕاستی نەبێت .

سەرچاوەی درۆی نیسان یان درۆی ئەبریل لەکوێوە هاتووە ؟

قسەو ووتەیەکی باوەڕ پێکراوی تەواو نیە کە بەووردی ئەوەمان بۆ ڕوون بکاتەوە کە درۆی نیسان یان درۆی ئەبریل لە کوێوە هاتووە، چونکە چەند ڕایەکی جیاواز هەیە لەم بارەیەوە .

هەندێك دەیگێڕنەوە بۆ ئاهەنگ گێڕانی خەڵکی بە بۆنەی سەرەتای مانگی بەهار کاتێك کە درێژی شەو ڕۆژ وەك یەکیان لێ دێت .

وەهەندێکی تر دەڵێن : ئەم درۆ کردنە دەگەڕێتەوە بۆ هەندێك بیروبۆچوونی پوچ وبەتاڵی بت پەرستی لەسەردەمی کۆندا، کە باوەڕیان وابووە کە ڕاو وشکار کردن لەهەندێك ناوچەی ووڵاتیاندا بێ مایە وبێ شکار ونێچیر بوون ئەگەر لەسەرەتای مانگی نیسانەوە بێت، ئەمەش بەبێ بنەمایەکی زانستی هەر لەخۆیانەوە ئەوەیان ووتووە، تا وای لێهاتوە وورده سەرەتای مانگی نیسان بووە بە ڕۆژی درۆ کردن لای خەڵکی ئەو سەردەمە .

وەهەندێکی بنەمای ئەم درۆ کردنە دەگێڕنەوە بۆ ڕووداوێکی مێژووی ودەڵێن : زۆرێك لە ئێمە لە یەکی مانگی نیسانی زاینیدا خۆشحاڵی دەردەبڕین ولەو ڕۆژەدا درو بە کارێکی ئاسایی ورەوا دەزانین، دەزانن ئایا درۆی نیسان لەچیەوە هاتووە ؟ درۆی نیسان لە بنەمادا بە مانای ( خدعة نيسان = فێڵی نیسان ) هاتووە، بەڵام باوەڕ ناکەم زۆرێك لە ئێمە بزانێت نیەتە شاراوەکانی پشت ئەم فێڵی نیسانە لەکوێەوە سەرچاوەی گرتووە.

دەگێڕنەوە ودەڵێن : کاتێك کە موسڵمانان هەزار ساڵ پێش ئێستا حوکمی ئیسپانیان دەکرد، گاورە ڕق لەدڵەکان زۆر ئاواتیان ئەوە بوو کە بەهەر شێوەیەك بووە ئەم دەسەڵاتەی موسڵمانەکان لەناو بەرن ورزگاریان ببێت، بۆیە هەموو هەوڵێکی خۆیان خستەگەڕ لەو پێناوەدا، تا ئەندازەیەکیش سەرکەوتنیان بەدەست هێنا .

هەر بۆیە لێرە ولەوێ چەند جارێك هەوڵیان دا كە سنورێك بۆ گەشەسەندن وبڵاوبوونەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام دابنێن لە ئیسپانیادا، بەڵام بێ سوود بوو وهەوڵەكانیان شكستی دەهێنا .

ئەوەبوو پاشتر بیریان كردەوە كە چەند كەسێك بەنهێنی بنێرن بۆ ووڵاتی ئیسپانیا تاوەكو بزانن نهێنی هێزی موسڵمانان لەچیدایە كەوا ناتوانن زاڵ ببن بەسەریاندا ، پاش ئەوە بۆیان دەركەوت كە نهێنیەكەیان لە ( خواناسین ودەستگرتنە بە ئاینەكەیانەوە ) .

پاش ئەوە دانیشتن پلاننێكی ستراتیژیان دانا تاوەكو بتوانن كۆتایی بەو دەسەڵاتە بهێنن، هاتن هەستان بەناردنی ( عرق = مەی ) و جگەرە بەبەلاش بۆ ئیسپانیا، تاوەكو لاوەكان سەرخۆش ببن وبێ ئاگا بنن لەدەوروبەری خۆیان، ئەوە بوو ئەم پلانەی گاورەكان ئەنجامێكی دا بەدەستیانەوە ، هەر بۆیە وورده وورده ئیمان وباوەڕی موسڵمانان لاواز بوو بەتایبەت لەناو لاوان وگەنجاندا ، چونكە كەسێك زۆربەی كاتەكانی سەرخۆش بێت وپشت هەڵ بكات لە بەها وئاكارە بەرزەكانی چۆن دەتوانێت بەرگری لە كیان وبوونی خۆی بكات، ئەوە بوو گاورە كاسۆلیكەكان وورده وورده دەستیان گرتەوە بەسەر ئیسپانیادا وخستیانەوە ژێر كۆنترۆڵی خۆیان پاش ئەوەی زیاتر لە هەشت صەد ساڵ لە حوكمی ئیسلام لەو ووڵاتەدا، بەڵێ كۆتا قەڵا وسەنگەری موسڵمانان شاری ( غرناطة ) بوو ئەویش لە یەكی نیساندا دەستی بەسەردا گیرا، ئەوە بوو ئەو ڕۆژەیان ناونا ( خدعة نیسان = APRIL FOOL = درۆ و فێڵی نیسان ) .

خوشك وبرایانی بەڕێز ئەوان تەنها بە ئەوەوە نەوەستاون كە دەوڵەتی ئیسلامیان لە ئیسپانیا بە فڕوفێڵ ڕووخاند، بەڵكو ئێستاشی لەگەڵدا بێت سەرجەم موسڵمانان بە گێل و بێ هۆش دەزانن، هەر بۆیە دەبینین ڕۆڵەی موسڵمان زۆر ئاساییە لای لە یەكی نیساندا ئاهەنگی درۆ و فێڵ كردن بگێڕێت وچاولێكەری ئەوان بكات لەشتێكدا كە خوا وپێغەمبەرەكەی بە تاوان وگوناهیان وەصف كردوە كە ئەویش درۆیە، كەچی چاولێكەری كوێرانەی نەوەكانی ئێمە وای لێهاتوە دەست بە ئاینەكەیانەوە نەگرن و شوێن درۆ ودەلەسەی ئەوان بكەون ، چونكە ئەگەر ئێمە بزانین ئەم درۆ ناپەسەندە لەكێوە سەرچاوەی گرتووە هەرگیز نزیكی ناكەوینەوە چ جای ئاهەنگی بۆ بگێڕێت وخۆشی وشادی تێدا دەرببڕێت .

جا با بەخۆماندا بچینەوە و لانی کەم وانەیەك لە ئیسپانیەکانەوە وەربگرین کە هەوڵ بدەین تەقوا وخواناسین جارێکی تر لەخۆماندا زیندوو بکەینەوە وسەربەرزی وسەرمەشقی بگێڕینەوە بۆ ئاینەکەمان .

ئەوەندە بەلامانەوە گرنگ نیە سەرچاوەی درۆی نیسان بزانین هێندەی بەلامانەوە گرنگە ئێمەی موسڵمان خوای گەورە وپێغەمبەرەکەی ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمانمان پێ دەکەن کە درۆ نەکەین وتووخنی نەکەوین، چونکە درۆ مرۆڤ ڕاپێچی ناوئاگری دۆزەخ دەکات وەك پێشەوامان محمد المصطفى ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : ( ... إياكم والكذب فإن الكذب يهدي إلى الفجور ، وإن الفجور يهدي إلى النار ...) واته : ئامان توخنی درۆ نەکەون، چونکە درۆکردن مرۆڤ ڕاپێچی گوناهـ وتاوان دەکات، گوناهـ وتاوانیش مرۆڤ راپێچی دۆزەخ دەکات .

ڕووداوەکانی درۆی مانگی نیسان زۆرن کەسەرجەمیان جێگای خەم وپەژارەن لەنێو ئومەتی ئیسلامدا کاری لەو جۆرە ببێت بە دیاردە وخەڵکی پێوەی سەرگەرم بن .

کەسی وا هەیە بەدرۆوە هەواڵی پێداوە کە کوڕەکەت یان خێزانت یان کەسێکی خۆشەویستت مردووە، خێرا لەداخ وپەژارەدا گیانی لەدەست داوە، یان هەر بە بیانووی درۆی نیسان وگاڵتەوگەپەوە هەواڵیان داوە بەکەسێك وپێیان ووتووە ماڵەکەت ئاگری تێ بەربووە یان ماڵەوەتان تووشی ڕووداوی ئۆتومبیل بوون، یان لە وەزیفەکەت فەصل کراویت، کابرای داماو یەکسەر تووشی جەڵتەی دڵ یان دەماغ بووە وئێستا لەماڵەوە لەناو جێگادا کەوتوە .

لەکۆتایدا هەر ئەوەندە دەڵێم ئێمەی موسڵمان سەرمەشقمان پێغەمبەری خوایە ( صلى الله عليه وسلم ) لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا، دەی با چاو لەو پێشەوا ئازیزە بکەین وخۆمان خەریك نەکەین بە شتی پرو پوچ وبێهوودەوە کە نەك هەر سوودی نیە بگرە سەرچاوەی هەموو تاوان وگوناهێکیشە .

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى اله وصحبه وسلم

واخر دعوانا ان الحمد لله رب العالمين

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته